# خەونێکی سۆزدار

## سەردارخۆشناو

پێموایە لاتان سەیر نابێ گەر بڵێم حەزناکەم پرسیاری ئەوەم لێبکەن تاچەندلەگەڵ برادەرەکەم بەوەفاین لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لەمن دووری بەرۆح نزیکە وەلێ ئەوجارەی لەپرێکا میوانی ئادگارە وردەکانی بووم و یەکەم ساتیجێی ژوان و بەیەک گەیشتنمان بەردەرگابوو..!!، هێندەی نەبرد بەدووقوڵی بۆخۆمان لەژێر سێبەری دارچنارەکان شوێنێکمان گرت، لەبەر پەلی پەلی کات هەریەکەمان خوا خوای ئەوەمان بوو تێر لەیەکدی رامێنین و دووقسەی زیاتر بکەین و تۆڵەی غەریبی یەک و دوو بکەینەوە، من لای خۆم بەدزی ئەو هەوڵمدەدا لەوماوە زەمەنییەدا لەئاوێنەی چاوەکانییدا وێنەی یادگارییەکانی خۆم ببینمەوە، لەو بێنوبەردەیەدا ئەویش لەلای خۆیەوە زۆرجار لەبێهۆشیدا وەک ئەوەی لەبەردەم پلیکانێک ساتمە بکا ئاوای بەسەردەهات کاتێ نینۆکی پەنجە ناسکەکانی لەنێو پەنجەکانم گیر دەبوون، ئەو رۆژە کورتەم لەمیوانداری لێبوونە چەند خولەکێک، کەچی نەمزانی شەوێ کێ منی راپێچی بەردەرگای ماڵەکەیانی کردەوە، بێ ئەوەی بهێڵن ماشێنەکەم ببەم لەبەردەرگا فەرموویان لێکردم دابەزم، لەلای چەپی دەرگای ماڵ بەشووشەیەک شەراب خۆم بینیەوە، لەرەونەقی شووشە شەرابەکە رامام خۆمم بەلاّم من لەهەموو ژیانم قومێک یا وەک دەڵێن پێکیکم لەشەراب نۆش نەکردووە، شەرمیش دەکەم و جارانیش گەر هەرکەسێ بەسەرخۆشی بگیرابا دەشیان گرت و راپێچی زیندانیشان دەکرد، ئێستا ئەوە نەماوە، ئیدی هەرهێندە بیرکردنەوەم بۆهات بینیم هەمان ماڵە ( ماڵەبابم ) بەلاّم لەودەچوو شورەی چواردەوریان هەڵگیرابێ لەودیوەوە کۆمەڵێ خەڵکم دیت، لەسەر شەقامەکەی پشت ماڵیشیان عارەبانچیە دەستگێرەکە تەماتەو خیاری بانگ دەکرد و بەرەو رووی من نزیک بوویەوە لەبەرامبەرم وەستا، خەریک بوو بەسەری شەرابەکە تۆزێکی لێ بخۆمەوە کەچی لەبەرامبەر من وکابرای گەرۆک رێک لەکۆلاّنی ئەو بەرکابرای پۆلیس کەشەوان ئێشک لەمولیدەی گەرەک و مالاّن دەگرێ بەنەرمی داری نێو دەستی راستی دەکێشایە نێو دەستەکەی تری، خێرا ترسێک رووی تێکردم و سوورهەڵگەرام هەر هێند فریاکەوتم شەرابەکەم برژێنمە سەر ویلی تایەی عارەبانەکەو خێرا رووم وەرگێرایەوە لای دەرگاکە، ورد روانیم ئەوم نەبینی تائۆخژنێ بەدڵم بێ و لەوترسە تۆزێ هێور ببمەوە، لەوکاتەدا نیازم بوو بگەرێمەوە بیرم بۆ ئەوە چوو خانووەکەیان فرۆشتبێ چونکە باخچەکەیان جاران لەدەستی راست بوو کەچی ئەمجارەیان لای چەپ بوو، هزرم رۆیشتبوو کەپیرەژنێک دەرگاکەی کردەوەو بێ من لەدەرگەم دابێ فەرمووی لێکردم منیش لەگەڵ خەیاڵی بیرکردنەوە رەزامەندیم نیشان داو چوومە ژووری، لەدرزی دەرگای ژوورەوە بینیم لەگەڵ پەرتووک و پەراوەکانی باوەشی مژول بوو بەرەوە رووم هات زۆر بەساردی خێرهاتنی کردم و هەر زووش رووی وەرگێراو دوور لەرایەخە سوورەکە لەسەر زەوی چۆکی دایەوەو دەستی کرد بەنووسینەوەی وانەکانی تەنیا لەگەڵ میوانەکانی خۆی جێیهێشتم، خەریک بوو دووقسە بکەم هۆرنی ماشێنی پێشوو

**رایچڵەکاندم و بەدەنگە زەبەلاحەکەی گوتی مامۆستا خێراکە با بگرێینەوە کات درەنگە ڕێگە دادەخرێن و لەسەیتەرەکانیش ناهێڵن ئاودیوبین، پرسیم خاڵە مەگەر سەیتەرەکان هەڵنەگیراون-!!؟، هەمدیس پەلەی لێکردم مامۆستا خێرابە توخوا ماون ما هەڵگیرانی کویێ، لەپەلەپەلی هەر فریای ئەوە کەوتم بەسیلەچاوێک خوداحافیزی لەبرادەرەکەم بکەم و بێ ئەوەی هیچ شتێ بڵێین لەنێو دنیایەک پەشیمانی جێمهێشت، ئەویش تازە لەدەستی لەدەرچووم، هەرهێندقاچم خستە ناو ماشێنەکە، لەگەڵ دەنگی مەلای بانگی سپێدە خەبەرم بوویەوە.**

**٢٠٠٣/٦/٢**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.